

# غوڵامی مانگ

باران

شیعری: مەولانا

وەرگێڕانی: شنە نوری



**ئەمن غوڵامی مانگم و جگە لە مانگ هیچ مەڵێ**

**لە لای من جگە لە باسی شەم و شەکر هیچ مەڵێ**

**مەکە لە بۆ من باسی ڕەنج، بڵێ بە من باسی گەنج**

**ئەگەر لەمە نیتە خەبەر، مەچێژە ڕەنج، هیچ مەڵێ**

**دوێکە بووم بە شێتێك و ئەشق منی دی و وتی:**

**واهاتم و مەنەڕێنە، مەدڕێنە عەبای بەرت، هیچ مەڵێ.**

**وتم بە ئەشق: شتێکی دییە ترسی من، ئەی ئەشق!**

**وتی شتی دیی نییە، ئەتۆ چیی تر هیچ مەڵێ**

**بە گوێی تۆدا، وشەگەلی پەنهان دەچرپێنم**

**بجووڵێنە سەرت، بیجووڵێنە بەس و هیچ مەڵێ**

**کە مانگێکی وەك بەرزەگیان لە ڕێی دڵا کەوتە دەر**

**قەشەنگە دەی سەفەرگەلێك لە ڕێی دڵا هیچ مەڵێ**

**وتم دڵ، چ مانگێکە، دڵەکەشم بە پەنجە:**

**ئەمە بەقەد ئەتۆ نییە، دە تێپەڕێ و هیچ مەڵێ**

**وتم ئەمە فریشتەیە مرۆڤە، یاخود چییە؟**

**وتی ئەمە جیایە لە ئەو دووانە تۆ هیچ مەڵێ**

**وتم بڵێ ئەمە چییە؟ کە ژێروژووری دەبم**

**وتی بۆ خۆت بە ئەم شێوە سەروخواربە، هیچ مەڵێ**

**ئەی دانیشتوو لە ئەمماڵەی تژی لە نەخشو نیگار**

**لێرە بڕۆ باروبنەت کۆکەرەوە و هیچ مەڵێ**

**وتم دڵ، ببە بە باوك، ئەمە وەسفی خودێیە**

**وتی دەی هەر ئەمەیە، تۆ گیانی باوکە هیچ مەڵێ.**

تێبینی:

- لە وەرگێڕانی ئەم شیعرەدا، جگە لە چەند شوێنێکی کەم نەبێت، هەموویم خستووەتە سەر کێشی عەرووز.




**لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا**



# بێژەنی تەرەقی

ئامادەکردنی فایل:
محەمەد حەسەن